*Journal of Language Studies* Vol.8, No.3, 2024, Pages (90-110)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.3.6

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Impact of Sticky Note Strategy on Students' Vocabulary

**Assistant Professor. Hamza Hussein hama** *
**Department of Kurdish Language –University of Raparin**
hamza.hussein@uor.edu.krd

&

**Lecturer. Hersh Chato Hussein**
**Ministry of Eduction – Pishdar Education**
hersh.chato@gmail.com

**Received:** 14 /8/ 2023, **Accepted:**5 /9 /2023, **Online Published: 31/ 3 / 2024**

## Abstract

This research entitled (The jokes of "Rishtai Mirwari" from the angle of linguistics ambiguity), is an attempt to analyze its jokes in terms of meaning. Ambiguity is generally viewed as an aspect of the semantic level, so it is assumed that ambiguity plays a major role in the production and creation of humor; Especially the jokes of the "Rishtai Mirwari", so the study aims to demonstrate how ambiguity affects the construction of jokes. It also wants to answer an issue, such as; the question of whether the phenomenon of ambiguity in language is of particular importance; to what extent is it reflected in the language of humour. Therefore, the study assumed that cultural ambiguity (synonymy, polysemy) are more widely reflected than other types of ambiguity in jokes (Rishtai Mirwari), because this type of ambiguity is mainly at the level of meaning and the ambiguity is reflected as a semantic game in old jokes. The scope of the research, which is within the framework of the volumes of (Rishtai Mirwari), written in Central Kurdish,

* **Corresponding Author** Hamza Hussein**, Email:** hamza.hussein@uor.edu.krd
**Affiliation**: Raparin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

mainly relies on the method of (analytical-descriptive) statistics. Also, because much has been said about ambiguity in scientific research mediums, ambiguity has been discussed according to the needs of the subject.

Obscurity in Kurdish Jokes: The Jokes of "Rishtai Mirwari" As Example

Hersh Chato Hussein: Qadirawa Basic School, Pshdar Education, Sulaimani Education General Directorate, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

This research entitled (Obscurity in Kurdish Jokes, Jokes of “Rishteai Mirwari” as an Example)), is an attempt to analyze its jokes in terms of meaning. Ambiguity is generally viewed as an aspect of the semantic level, so it is assumed that ambiguity plays a major role in the production and creation of humor; Especially the jokes of the "Rishtey Mrwari", so the study aims to demonstrate how ambiguity affects the construction of jokes. It also wants to answer an issue, such as; the question of whether the phenomenon of ambiguity in language is of particular importance; to what extent is it reflected in the language of humour. Therefore, the study assumed that cultural ambiguity (Homonymy) are more widely reflected than other types of ambiguity in jokes (Rishtey Mrwari), because this type of ambiguity is mainly at the level of meaning and the ambiguity is reflected as a semantic game in old jokes. The scope of the research, which is within the framework of the volumes of (Rishtey Mrwari), written in Central Kurdish, mainly relies on the method of (analytical-descriptive) statistics. Also, because much has been said about ambiguity in scientific research mediums, ambiguity has been discussed according to the needs of the subject.

**Keywords**: Rishtei Mrwari, joke, Linguistic Ambiguity, Homonymy, polysemy.

## نكت في (رشته ى مروارى) من منظور الغموض اللغوي

ا.م.د. همزه حسين حمه

قسم اللغة الكردية – كلية التربية – جامعة رابرين

و

م. هێرش چەتۆ حوسێن

وزارة التربية والتعليم – تعليم بشدر

**المستخلص**

الغموض في النكتة الكردية، نكت (رشته ى مرواري) أنموذجا. هذا البحث الموسوم ب (الغموض في النكات الكردية محاولة لتحليل نكات(رشتةى مرواري) من جهة المعنى. فالغموض ينظر إليه بشكل عام على أنه مستوى من السيمانتيك، لذا فالغموض يحتمل أن يكون له الأثر الرئيس في إنتاج

وخلق النكات، خاصة نكت(رشتةى مرواري)، لذلك يهدف البحث أن يصل إلى أثر الغموض في صنع النكات، ويحاول الإجابة عن السؤال الآتي: ما ظاهرة الغموض وأهميتها الخاصة في النكات الكردية من الجانب اللغوي، فالبحث يتوقع أن يكون للغموض المعجمي(المشترك اللفظي، وتعدد المعنى) وجوده في النكات أكثر ورودا وظهورا في الموضوع الذي يراد التطرق إليه، مقارنة بالموضوعات التي يتجلى فيه الغموض. فالغموض الوارد في النكت يتجلى بشكل فعال ومباشر في التوسع في المعنى، وتنعكس في النكات القديمة. وحدود البحث ينحصر في أجزاء كتاب (رشتةى مرواري) المكتوبة باللهجة الوسطية الكوردية، ويعتمد البحث على المنهج التحليلي الوصفي الإحصائي، وقد أشبعت الكتابة في الأوساط العلمية والبحوث الأكاديمية حول موضوع الغموض. لذلك يتجنب البحث الخوض فيه.

**الكلمات الدالة:** رشتەی مرواری، المشترك اللفظي، النكت، التعددية في المعنى، الغموض اللغوية.

## نوكتەکانی "ڕشتەی مرواری" لەڕوانگەی لێڵی زمانییەوە

پ.ی.د. **همزه حسين حمه** – بەشی کوردی – کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی ڕاپەڕین

و

م. **هێرش چەتۆ حوسێن** – وەزارەتی پەروەردە - پەروەردەی پشدەر

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری" لەڕوانگەی لێڵی زمانییەوە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری" لەڕووی سیمانتیکییەوە. بەشێوەیەکی گشتی لێڵی زمانی وەکو لایەنێکی ئاستی سیمانتیک سەیردەکرێت، لەبەرئەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە لێڵی زمانی ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی نوکتەدا؛ بەتایبەتیش نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)، توێژینەوەکە دەیەوێت بزانێت تا چ ڕادەیەک لێڵی زمانی کاریگەری لە دروستکردن و بنیاتنانی نوکتەدا هەیە. هەروەها دەیەوێت وەڵامی پرسێک بداتەوە، وەک؛ پرسی ئەوەی کە دیاردەی لێڵی لە زماندا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە؛ تا چەند لە زمانی نوکتەدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە لێڵی فەرهەنگی (هاوبێژی) بەشێوەیەکی فراوانتر لەچاو جۆرەکانی دیکەی (لێڵی)دا لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا

بەرجەستە بکرێن، چونکە ئەمجۆرە لێڵییە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە ئاستی سیمانتیکدا دەبینێتەوە و لێڵییەکەش وەک گەمەیەکی واتایی لە نوکتەی کۆندا ڕەنگبداتەوە.

سنوری توێژینەوەکە، کە لە چوارچێوەی بەرگەکانی (ڕشتەی مرواری)یە، کە بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی نوسراون، بەجۆرێک بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ڕێبازی (وەسفی - شیکاری) ئاماری بەستووە. هەروەها لەبەرئەوەی لە ناوەندەکانی توێژینەوە زانستییەکاندا زۆر لەسەر لێڵی گوتراوە، بۆیە بەپێی پێویستی بابەتەکە باس لە لێڵی کراوە.

**وشە کلیلیەکان:** ڕشتەی مرواری، نوکتە، لێڵی زمانی، هاوبێژی، فرەواتایی.

## پێشەکی

**١-٠. ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە (نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری" لەڕوانگەی لێڵی زمانییەوە)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)؛ کە لە ڕێگەی لێڵییەوە لە زماندا دروستدەبن.

**٢-٠. گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە؛ کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە بواری (نوکتە)دا دەکەن، چونکە دەبێتە بەرچاو ڕوونییەک بۆ چۆنییەتی دەستنیشانکردنی لێڵی و جۆرەکانی لە گاڵتەوگەپدا و تێماندەگەیەنێت تا چەند لە نوکتەدا ڕۆڵیان لە بنیاتنانی نوکتە و دەربڕینی مەبەستی ئاخێوەر بە خرۆشانی پێکەنینەوە هەیە. هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە لێڵی وەک لایەنێکی زمانی دەبێتە هەوێنێک بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی گاڵتەوگەپ؛ کە نوکتەیە.

**٣-٠. گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:** گریمانە دەکرێت لێڵی فەرهەنگی (هاوبێژی و فرەواتایی) لە لێڵی ڕێزمانی بەتایبەت (ڕۆنانی) کاریگەرییان لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا زیاتربێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکبداتەوە، وەک؛ لێڵی زمانی تا چەند و تا چ ڕێژەیەک ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستکردنی نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا؟ هەروەها کام جۆری لێڵی لە نێو جۆرەکانی لێڵیدا ڕێژەی زیاترە لە دروستکردنی ئەم نوکتانەدا؟ هەروەها ئەو هۆکارانەی کە لێڵی دروستدەکەن لە زماندا؛ ئایا لە نوکتەشدا بە هەمانشێوە ڕۆڵیان هەیە؟

**٤-٠. ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) بەکارهێنراوە، لەچوارچێوەی ئەو نوکتانەی کە تەمومژییان تێدایە و بۆ بەشی پراکتیکیش پشت بە ڕێبازی (ئاماری) بەستراوە، بۆئەوەی ئەنجامی داتاکان لە ڕێگەی پرۆگرامی (Excel) شیبکرێنەوە و بخرێنەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)؛ بەرگەکانی (١ تا ٨) بۆ لێڵی لە نوکتەی کوردیدا وەرگیراون و ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو، بەڵام لەبەر دەرنەچوون لە چوارچێوەی قەبارەی توێژینەوەکە؛ نەمانتوانیوە یەکە یەکە نوکتەکان بخەینەڕوو، بەڵکو تەنیا ژمارەی لاپەڕەکە و بەرگەکەی و کاکڵەی نوکتەکە و جۆری لێڵییەکەی لە بەرانبەریدا خراوەتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەستەری کتێبەکە بەشێوەی (pdf) و ئۆنلاین دەخەینەڕوو. هەروەها کەرەستەی توێژینەوەکە بۆ ڕوونکردنەوەی لێڵی لە نوکتەی کوردیدا؛ لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری) دەرنەچووین و هەر لەو چوارچێوەیەدا جۆرەکانی لێڵی لە نوکتەی کوردیدا سەلمێنراوە.

**٠-٥. ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم بەناونیشانی (هەندێ لایەنی لێڵی لە زمانی کوردیدا) لەم پێنج تەوەرە پێکهاتووە، بەمشێوەیە: (چەمک و پێناسەی لێڵی، هۆیەکانی پەیدابوونی لێڵی لە زمانی کوردیدا، چەمک و پێناسەی هاوبێژی، هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا، چەمک و پێناسەی فرەواتایی، هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی لە زمانی کوردیدا).

بەشی دووەم پێکهاتووە لە: (هەڵهێنجانی لێڵی؛ گوێزانەوەیی، ڕۆنانی، هاوبێژی، فرەواتایی)یە، کە زیاتر پراکتیکییە و لە یەک تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە: کە دەرهێنان و ئامار و خستنەڕووی جۆری لێڵییەکان لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا؛ کراوە، لەکۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١. هەندێ لایەنی تیۆری دەربارەی لێڵی زمانی:

**١-١. چەمک و پێناسەی لێڵی:** لێڵی (ambiguity) وەکو لایەنێکی زمانەوانی لە هەموو ئاستەکانی زماندا هەیە، بەڵام زیاتر پەیوەندە بە ئاستی سیمانتیکی زمانەوە. زمانیش دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت و بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایەوە. (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٩). مرۆڤ کاتێک لەناو کۆمەڵگەیەکدا دەژیت، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەیەکەوە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی فۆڕمی وشە بۆ چ ناولێنراوێک بەکاربهێنن، واتە ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگەیە؛ کە بڕیار لەسەر بەستنەوە و یەکانگیرکردنی واتا و ناولێنراو دەدەن؛ بۆیە ڕێکدەکەون فۆڕمێک (هێمایەک) ببەسترێتەوە بەیەک واتاوە یان چەند واتاوە. هەرچەندە بە پێی تێڕوانینی (هەندێک زمانەوانەوە زمانی نموونەیی ئەو زمانەیە، کە تیایدا هەر شتێک یەک ناو بەرانبەری هەبێت و هەر واتایەکیش بەسترابێتەوە بە یەک ناونراوەوە.). (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید: ١٩٨٩: ٥٣). بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە هیچ زمانێکی گێتیدا بوونی نییە، کە هەر فۆڕم (هێما)ی وشەیەک بەرانبەر یەک واتا بوەستێت. جگەلەوەی کە ((زمانێکی وا نموونەیی نییە، کە توانستی ئەوەی هەبێت بەرانبەر هەموو وشەیەک واتایەک دابنێت.)). (جون لاینز: ١٩٨٠: ١٦). چونکە فۆڕمی وشەیەک بۆ یەک واتا دەبێتە بارگرانییەکی زۆر بۆ تاکی ئاخێوەر و گوێگر. بۆیە مرۆڤ لە کۆمەڵەکەی خۆیدا بۆ ڕاییکردن و ئاسانکردنی ژیان، هەوڵدەدات لە هەندێک بار و شوێندا بۆ فۆڕمی وشەیەک چەند واتایەکی هەبێت. بۆیە (بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەک زیاتر دێتە ئاراوە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی دەبێتە چەمک و ڕوویەکی لێڵی).

لێڵی وەک دیاردەیەکی زمانەوانی لە ئاستی سیمانتیکدا چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە؛ وەک کریستاڵ دەڵێت: ((واتای گشتی ئەم زاراوەیە بریتییە لەوەی کە وشەیەک یان ڕستەیەک گوزارشت لە واتایەک زیاتر بکات.)). (Crystal: 1992: 17). یان لە ناساندنێکی دیکەدا دەگوترێت: ((ئەگەر وشەیەک یان فرێزێک لە لێکدانەوەیەک زیاتری هەبێت، ئەوا دەوترێت ئەو وشەیە یان ئەو فرێزەیە تەمومژاوییە.)). (Horsy: 2001: 7). گەر لەم پێناسانەی سەرەوە سەرنجبدەین، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەبێت وشەکە یان فرێزەکە یان ڕستەکە زیاتر لە واتایەک بدات بەدەستەوە. بۆیە کاتێک دەڵێین لێڵی ئەگەر هاتوو هێما زمانییەکە زیاتر لە واتایەکی

هەبێت. کەواتە لێڵی بریتییە لە کەرەستەیەکی زمانی کە لە هەر ئاستێکی زماندا بێت، چەند واتایەکی هەبێت.

**٢-١ .هۆیەکانی پەیدابوونی لێڵی:** لێرەدا هەوڵدەدەین، بە کورتی و بەپێی پێویست ئەو لایانە زمانییانە بخەینەڕوو؛ کە دەبنە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی لێڵی:

**١-٢-١. لایەنی فۆنۆلۆجی:** لێڵی بە هۆکاری دروستبوونی فۆنۆلۆجی زیاتر خۆی لە فۆنیمە ناکەرتییەکاندا (هێز-Stress، ئاوازە- Intonation)دەبینێتەوە. ئەمجۆرە لێڵییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. لەبەرئەوەی هەر زمانە سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆنموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا کە شێوەی نوسین و خوێندنەوەی لە یەکتری جیاوازن؛ ئەمجۆرە لێڵییە زۆر بەدی دەکرێت، وەک: meat (میت) گۆشت و meat (میت) یەکتر بینین. لێرەدا فۆڕمی وشەی (میت) دوو واتای جیاوازی هەیە، بەڵام ئەمجۆرە لێڵییە لە زمانی ئینگلیزیدا بە نووسین دەرەوێتەوە؛ چونکە هەر وشەیەک بە جۆرە (سپێڵێک) دەنووسرێت. (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ٦٧). بەڵام سیستەمی زمانی کوردی شێوەی زمانی نووسین و خوێندنەوەی وەکیەکە؛ واتە وشەکە چۆن گۆ دەکرێت، ئاواش دەنووسرێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا لە زمانی کوردیدا لێڵییەکە دروست دەکات؛ فۆنیمە ناکەرتییەکانی (هێز و ئاوازە)ن. وەک: لە فۆڕمی (سەوزە)دا دەردەکەوێت، بۆنموونە کاتێک لە گوتندا هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم (سەٚوزە)، ئەوا واتای ئەوە دەدات، کە (گیا سەوزە). بەڵام ئەگەر لە گوتندا هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم (سەوزەٚ)، ئەوا واتای ئەوە دەدات (سەوزە وەک خواردەمەنی). ئەمجۆرە لێڵییە لە زمانی کوردیدا پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە نووسین لێڵییەکە ڕوون دەبێتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە نووسین ڕوون نابێتەوە؛ بەڵکو بەهۆی گۆکردن و دەوروبەرەکەی ڕوون دەبێتەوە. هەروەها ئاوازەش بە هەمان شێوەی هێز لێڵی لە زمانی کوردیدا دروست دەکات، وەک لە ڕستەی (هەر شەشیان هاتن) دەردەکەوێت، کاتێک وزەی زیاتر بخرێتە سەر (هەر) واتای ئەوە دەدات، کە (هەموو شەش بوون و هاتن)، بەڵام کاتێک وزەی زیاتر دەخرێتە سەر (شەش) ئەوا واتای ئەوە دەدات، کە (زیاتربوون لە شەش و تەنیا شەشیان هاتن).

سەبارەت بە نوکتە و لایەنی فۆنۆلۆجی لە دروستکردنی لێڵیدا ئەوا لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا ئەم دیاردە زمانییە بەدی دەکرێت، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت، لە نوکتەی کوردی (ڕشتەی مرواری)دا لێڵی بە هۆکاری فۆنۆلۆجی، تەنیا خۆی لە (هێز و ئاوازە)دا نابینێتەوە، بەڵکو زۆرجار بە هۆکاری پاش و پێشکردنی دەنگەکان و پەیدابوونی دەنگەکان لە وشەی مەبەستدا لێڵی لە نوکتەکەدا دروست دەبێت و تەنانەت دەبێتە هۆکاری دروستبوونی نوکتەکەش. وەک: ((کابرایەکی لەیلاخی تووشی کابرایەکی گەڵباخی بوو؛ لێی پرسی: برا ناوت چەس؟ گوتی: **یوسف**. ئەمیش پێی گوت: برای عازیز **یوڵفس** فرە خاسی شوکر، توخوا برا ناو باوکت چەس؟ ئەویش پێی گوت: وەڕیش باوکتەوە ناوخومت خاس زانی، جا نۆرەی ناو باوکمە.)). (عەلادین سوجادی ،ب.١: ١٩٥٧: ٣١). ئەوەی لێرەدا لێڵی لە نوکتەکەدا دروستکردووە؛ پەیدابوونی دەنگی (ڵ) و جێگۆڕکێی دەنگی (س) بە دەنگی (ف)، لە وشەی (یوسف)دا. ئەم جێگۆڕکێی دەنگە لە زمانی کوردیدا هۆکارەکەی بەهۆی بوونی دیالکێت و بەشە دیالێکتی جیاوازەوە و ڕادەی نزمیی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرەوە پەیدادەبێت. (دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی: ٢٠٠٠: ١٠٨).

**١-٢-٢. لایەنی ڕێزمانی**: ئەمجۆرە لێڵی‌یە، کە بە هۆکاری ڕێزمانی دروست دەبێت، خۆی لە (لێڵی ڕۆنانی، لێڵی گوێزانەوەیی) دەبینێتەوە. هەروەکو لاینز دەڵێت: ((لێڵی ڕێزمانی ئەوەیە؛ کە هەر

ڕستەیەک ئاماژەی بۆ بکرێت (بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی سیستەمی زمانەکە) بەوەی کە زیاتر لە شیکردنەوەیەکی ڕۆنانی هەبێت لە ئاستەکانی شیکردنەوەی ڕێزماندا)). ( Lyons: 1997: 400). واتە کاتێک کەرەستەکانی ڕستەیەک بەپێی سیستەمی زمانێک دەچنە پاڵیەک و ڕیزدەبن و زیاتر لە واتایەک ببەخشن. بۆنموونە ئەگەر لە ڕستەیەکی وەک (کلارا و هانیای کچم چوونە قوتابخانە.) وردبینەوە؛ دەبینین دوو واتای جیای هەیە؛ (کلارا و هانیا هەردووکیان کچی منن.)، (هەر تەنیا هانیا کچی منە.). کەواتە لێرەدا ((ئەمجۆرە لێڵیە کاتێک پەیدادەبێت، کە ڕستەیەک یان فرێزێک زیاتر لە واتایەکی هەبێت و بە هۆکاری ڕێزمانی دروست ببێت.)). (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٣٣). بە واتایەکی دی دروستبوونی ئەمجۆرە لە لێڵی ڕێزمانی (ڕۆنانی) بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕستە و ناگەڕێتەوە بۆ تاریکی وشەکان، بەڵکو بۆ پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکە دەگەڕێتەوە. (شلێر ڕەسوڵ: ٢٠٠٤: ١٣٥). واتە چۆنییەتی ڕیزبوونی دیارخراو و دیارخەرەکان و شێوەی پێکهێنانی فرێزەکە لە ڕستەدا.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی ئەمجۆرە لێڵیە دەگەڕێتەوە بۆ ((هەبوونی دوو پەیوەندیی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستە لە بنجدا (deep structure) و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سیمادا (structure surface). (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٩٧). بۆیە (لەمەیاندا لێڵیەکە لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، کە ڕۆنانەکە لە بنچینەدا لە دوو ڕۆنانی جیاوازەوە گوازراوەتەوە). (محمد علی الخولی: ١٩٨٢: ٢٩٠). کەواتە هەردوو ڕۆنانەکە لە یەک ڕۆنانی ژێرەوەدا شاردراونەتەوە و لە یەک ڕۆنانی سەرەوەدا دەرکەوتوون یان بە پێچەوانەوە. بۆنموونە لە ڕستەیەکی وەک: (پێم دەخورێت) یەک ڕۆنانی سەرەوەی هەیە، بەڵام دوو واتای لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەیە، وەک: (بە من دەخورێت.) خواردن، (پێم دەخورێت.) خورانی قاچ. بۆیە ئەمجۆرە لە لێڵی ڕێزمانی (گوێزانەوەیی)یە خۆی گرێدەداتەوە بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە. چونکە ئامانجە بنەڕەتییەکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان ڕۆنانە - دروستە سینتاکسییە ڕووکەشەکەی ڕستە دەبەستنەوە بە ڕۆنانە - دروستە واتاییە قوڵەکەی یان بە پێچەوانەوە. (بەشدار محەمەد: ٢٠١٤: ٧٨).

سەبارەت بە نوکتە و لایەنی ڕێزمانی لە دروستکردنی لێڵیدا ئەوا لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا ئەم دیاردە زمانییە بەدی دەکرێت، تەنانەت دەبێتە هۆی دروستکردنی نوکتەکەش. بۆنموونە: ئەگەر لەم نوکتەیە سەرنجبدەین: ((حاجی شێخ ئەمینی تەکیەیی هەبوو، حسابگربوو. شێخ مەحمودی گومەتیش ژنێکی هەبوو؛ ئەویش هەر حسابگربوو. ڕۆژێک باسی پاییز و حسابی پاییز دەکرا، یەکێ لە حاجی شێخ ئەمینی پرسی کە پاییز چەندییەتی؟ ئەویش دەڵێت: لە شێخ مەحمود بپرسین **ژنی حسابگرە.** شێخ مەحمودیش بەبێ وەستان دەڵێت: **حسابگر ژنمە.**)). (عەلادین سوجادی، ب.١: ١٩٥٧: ١٦٥). دەبینین ئەوەی لێڵی ڕۆنانی لە نوکتەکەدا دروستکردووە. **(ژنی حسابگرە)**، چونکە دوو واتای جیاوازی هەیە؛ واتە (شێخ مەحمود ژنی (حسابگرە) و پیاوەکە بۆتە ژنی حسابگرەکە. واتایەکی دیکەی ئەوەیە (ژنی شێخ مەحمود حسابگرە). بە واتایەکی دی؛ ئەگەر فرێزی (ژنی حسابگر) بەمشێوەیە ڕیز بێت؛ ئەوا شێخ مەحمود دەبێتە ژنی حسابگرەکە کە ئەویش ژنە، هەر بۆیە ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت؛ حسابگر ژنمە، بەڵام ئەگەر ڕیزبوونی کەرەستەکان بەمشێوەیە بێت؛ ژنی (حسابگرە)، واتە ژنی شێخ مەحمود حسابگرە. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانرێت؛ ڕیزبوونی کەرەستەکان لە نووسیندا یەک شێوەیە، بەڵام لە کاتی گۆکردنی کەرەستەکان هەستدەکەیت، ڕیزبوونی کەرەستەکان چۆنە و دەتوانیت بە دوو شێوە گۆ بکرێت.

هەروەها سەبارەت بە لێڵی گوێزانەوەیش ئەوا لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا ئەم دیاردە زمانییە بەدی دەکرێت. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((کابرایەک دەچێتە لای قازییەک، کە لە دیوەخانی

حوکما دانیشتبوو؛ وا دیاره ئەم کابرایە زۆر بە شوێنیا گەڕابوو. کە چوو لەوێ چاوی پێکەوت و گوتی: قازی ئەفەنی ئەوە تۆ لە کوێیت؟ گوتی: لە بەینی تۆ و دیوارەکەم. گوتی: گوێم لێبگرە. گوتی: بۆ گوێگرتن دانیشتووم. گوتی: ژنێکم مارە کردووە. گوتی: بە خۆشی و بە کامەرانی**!** گوتی: ماڵی باوانی مەرجیان لەگەڵ کردووم، کە نابێ کچەکەیان لادەرکەم. گوتی: باشە مەرجەکە بەجێ بێنە. گوتی: ئێستە دەمەوێت لایان دەرچم. گوتی: ئەی مەرجەکەت چی لێدەکەی؟ گوتی: مەرج و شت نازانم هەر دەڕۆم. گوتی: خوات لەگەڵ. گوتی: ئاخر کێشەمان بېڕینەوە. گوتی: بڕیمەوە. گوتی: حوکمت بەسەر کێ دادا؟ گوتی: **بەسەر کوڕی دایکتا**. گوتی: بە شاهێدی کێ؟ گوتی: **بە شایەتی کوڕی خوشکی خاڵت.**)). (عەلادین سوجادی، ب.۱: ۱۹۵۷: ۸۲-۸۳). لێرەدا دەبینین، یەک ڕۆنانی ژێرەوە هەیە (پیاوێک) و دوو ڕۆنانی سەرەوە (بەسەر کوڕی دایکتا) و ( بە شایەتی کوڕی خوشکی خاڵت)؛ هەر ئەمەشە لێڵی لە نوکتەکەدا دروستکردووە، تەنانەت نوکتەکەشی دروستکردووە. هەروەها هەر دوو ڕۆنانەکەی سەرەوە بۆ بۆ یەک ڕۆنانی ژێرەوە دەگەڕێتەوە؛ ئەویش ئەو کابرایەی کە قسە لەگەڵ قازییەکەدا دەکات.

**۱-۲-۳. لایەنی هاوبێژی و فرەواتایی:** ئەمجۆرە لێڵییە زیاتر لە ئاستی سیمانتیکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. چونکە ((هاوبێژی و فرەواتایی دوو کەرەستەی ئاستی سیمانتیکن بۆ لێکدانەوە.)). (سەباح ڕەشید قادر: ۲۰۰۰: ۳۹). تەنانەت بوونی هاوبێژی و فرەواتایی وەکو دوو دیاردەی لێڵی واتایی بە هۆیەکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێن بۆ پەیدابوونی دیاردەی لێڵی لە زماندا. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە چەند ڕێگایەک هەیە بۆ جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی لە یەکتر، بەڵام سەرەکترین و کاریگەرترین ڕێگا؛ پەیوەندی نێوان واتاکانە. واتە ((ئەگەر پەیوەندییەک لە نێوان واتاکاندا هەبێت، ئەوا وشەکان دەبن بە فرەواتا، بەڵام ئەگەر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان واتاکاندا نەبێت، ئەوا ئەو وشانە هاوبێژن و تەنیا لە فۆڕمدا هاوشێوەن.)). (سەرچاوەی پێشوو: ۲۵). بۆ نموونە؛ وشەی (ڕۆژ) دوو واتای هەیە؛ کە بە واتای (خۆر) و (ڕۆژ- دژی شەو) دێت، دیارە هەموو ئاخێوەرێکی ڕەسەنی کورد بە سەلیقەی خۆی هەست بەوە دەکات، کە لە نێوان هەردووک وشەکەدا پەیوەندییەک هەیە، ئەویش (ڕوناکی)یە، کەواتە وشەی (ڕۆژ) دەبێتە فرەواتا. بەڵام لە وشەی (ئازار)دا کە دوو مانا دەدات بە دەستەوە، وەک: (مانگێکی کوردییە) و (ئێش)؛ هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دوو وشەکەدا نییە، کەواتە وشەی (ئازار) دەبێتە هاوبێژی.

**۱-۲-۳-۱. چەمک و پێناسەی هاوبێژی (Homonymy):** کاتێک فۆڕمی وشەیەک چەند واتایەک لەخۆدەگرێت و لە نێوان واتاکانیشدا هیچ پەیوەندییەکیان بە فۆڕمی وشەکەوە نییە؛ ئەوا هاوبێژی لە زماندا دروست دەکات. بۆیە یەکێک لە پەیوەندییە دیارەکانی ناوەوەی زمان (هاوبێژی)یە. (دارا حەمید محمد: ۲۰۰٦: ٦۷). وشەی (هاوبێژی) کە وەرگێردراوی زمانی ئینگلیزییە؛ لە (Homonymy) ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە؛ کە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە و لە (Homos)، کە بە واتای (هەمان)، و (omonma)، کە بە واتای (گۆکردن) دێت؛ وەرگیراوە، ئینجا ئەم وشانە لە زمانی ئینگلیزیدا گۆڕاون و بوون بە (Homonymy)؛ کە بە واتای هاوبێژی دێت. (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید: ۱۹۸۹: ۵۷). هەرچەندە چەندین پێناسە بۆ ئەم دیاردەیە کراوە، بەڵام لێرەدا دیارترینیان دەخەینەڕوو، کە دەگوترێت: ((دوو وشەی واتا جیاواز؛ یەک فۆڕم وەردەگرن)). (محمد معروف فتاح: ۲۰۱۱: ۱۷٤). یان ((هاوبێژی بریتییە لە چەند واتایەک، کە یەک فۆڕمیان هەبێت.)). (بالمەر: ۱۹۸۵: ۱۷). یان محەمەدی مەحوی دەڵێت: ((هاوبێژی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە واتاکانیان لە یەک دوورن و لە وشە فرەواتاکانەوە دروستبوون)). (محەمەدی مەحوی: ۲۰۰۹ب۱: ۱۰۸). هەروەها کریستاڵیش سەبارەت بە هاوبێژی دەڵێت: ((زاراوەیەکی واتاسازییە لە شیکردنەوەی واتادا و ئاماژە بەو وشە فەرهەنگییانە دەکات، کە لە فۆڕمدا یەکن لە واتادا

جیاوازن.)). (Crystal: 2003: 220). هەموو ئەو ناساندنانەی کە بۆ هاوبێژی خرانەڕوو، هەموویان لەوەدا کۆکن کە فۆڕمی وشەیەک کە دوو واتا یان زیاتر لە چەند واتایەکی جیاوازی هەبێت و ئەم واتا جیاوازانەش پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت. هەرچەندە جیاوازیش لە پێناسەکاندا سەبارەت بە هاوبێژی بەدی دەکرێت؛ وەک ناساندنەکەی (بالمەر)، کە چەند واتایەک بە یەک فۆڕمی زمانی دەبەستێتەوە نەک تەنیا دوو وشە لە یەک فۆڕمدا یەکبگرنەوە و واتاشیان جیاوازبێت. کەواتە پێناسەکەی (بالمەر) لە کانگای خودی سیمانتیکەوە هەڵقوڵاوە. هەرچەندە ناساندنەکانی دیکەش دەچنەوە ژێر سێبەری سیمانتیک. کەواتە بە وردبوونەوە لە پێناسەکان دەتوانین بڵێین؛ هاوبێژی بریتییە لە یەک فۆڕمی زمانی (گیرەک، وشە، ڕستە، ......)، کە خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازبێت و هیچ پەیوەندییەکیش لەنێوان واتاکاندا نەبێت. سەبارەت بە هاوبێژی و نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری) ئەوا ئەم دیاردە زمانییە بەدی دەکرێت، وەک: ((حەمە فەرەج هەبوو؛ زابتێکی موتەقاعید بوو، لەم دەورەی دواییەدا دەنگ وا بڵاوبۆوە، کە لە مانگانەی موتەقاعیدەکان کەم دەکرێتەوە. ڕۆژێک لە سولەیمانی ئەم حەمە فەرەجە پیرێژنێکی تووش دەبێت، کە ئەویش مانگانەی تەقاویتی دەبێت و دەڵێت: ئەرێ کاکە حەمە فەرەج! ڕاستەکەن دەڵێن لە **تەقاویتەکان دەبڕن؟** ئەویش خێرا پێی دەڵێت: جا تازە خۆتۆ کەڵکی **تێبڕینت** نەماوە!)). (عەلادین سوجادی. ب٥: ١٩٧٢: ١٠٤).

ئەوەی لێرەدا هاوبێژی دروستکردووە؛ فۆڕمی وشەی (دەبڕن)، کە دوو واتای جیاوازی دروستکردووە؛ واتای یەکەمی دەبڕن (بە واتای کەمکردنەوە و پێنەدانی پارە)، واتای دووەمی دەبڕن (بە واتای ئەوەی تۆ توانای سێکسیت نەماوە).

**١-٢-٣-٢. هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا:** لێرەدا هەوڵدەدەین، بەکورتی ئاماژە بە چەند هۆکارێک بکەین، کە دەبنە هۆی دروستبوونی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا:

**١. بوونی زار و شێوەزاری جیاواز:** ئەگەر بڕوانینە زمانی کوردی، بەشێوەیەکی گشتی لە چوار گروپی زاری سەرەکی پێکهاتووە، کە ئەوانیش ((گروپی زاری کوردی باکور، گروپی زاری کوردی ناوەڕاست، گروپی زاری کوردی باشور، گروپی زاری کوردی زازایی.)). (عەبدولمەناف ڕەمەزان:٢٠١١: ٧٦-٧٨). هەروەها ئەگەر سەرنجیش بدەین، زارەکانیش لە چەند شێوەزارێک پێکهاتوون. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە بە زار و شێوەزارەوە دەوڵەمەندە، بۆیە دەبینین زۆرجار وشەیەک لە زارێکدا واتایەک دەگەیەنێت و هەمان وشە لە زارێکی تردا واتایەکی تر دەگەیەنێت، یان هەر وشەیەک لە یەک شێوەزاردا دوو واتا دەگەیەنێت، بۆنموونە وشەی **(تەم)** لە زاری کوردی ناوەڕاست واتای (هەڵم) دەگەیەنێت و لە زاری کوردی باکور واتای (تۆم) دەگەیەنێت و لە زاری کوردی باشور واتای (جووت) دەگەیەنێت. هەروەها لە شێوەزاری هەولێردا (مار) واتای (ماڵ) دەگەیەنێت و بە واتای (گیانەوەرێکی خشۆکێکی ژەهراوی) دێت. بۆ ئاشنابوونی زار و شێوەزاری جیاواز، با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:

((کوڕێکی هەولێری بە کوڕێکی سولەیمانی وت: ئەوە لۆچی بە **ڕۆن** دەرێن **ڕوون** و بە **ڕوون** دەرێن **ڕۆن؟** کوڕە سولەیمانییەکەش وتی: ئەی بۆچی ئێوە بە **ڕوون** دەڵێن **ڕۆن** و بە **ڕۆن** دەڵێن **ڕوون؟**)). (عەلادین سەجادی، ب٥: ١٩٧٢: ١٠٤).

ئەوەی لێرەدا هاوبێژی دروستکردووە؛ بوونی وشەکانی (ڕۆن و ڕوون)ە، کە بە شێوەزاری ئاخاوتنی هەولێری "ڕۆن" واتای (خەست نییە) و "ڕوون" واتای (ڕۆنی چێشت) دەدات و بەرانبەر بە زاری ستانداردی ناوەندی "ڕۆن" ڕۆنی چێشت" و "ڕوون" خەست نییە؛ هاوبێژی دروستکردووە و دەرئەنجامیش بۆتە هۆی دروستکردنی لێڵی لەلای ئاخێوەرانی زاری کوردی

ناوەندی. هەرچەندە دەربڕینی ئەم وشانە لەلای ئاخێوەرانی شێوەزاری ئاخاوتنی هەولێری لێڵی دروستناکات، چونکە لەلای ئەوان بە بەکارهێنانی ئەم وشانە و بەو دەربڕینانە ڕاهاتوون و بەشێوەیەکی ئاسایی وەریدەگرن.

**٢. گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان:** زۆرجار گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان هاوبێژی دروستدەکەن، وەک لە کاتی سوانی دەنگێکدا دیاردەی هاوبێژی لە زماندا دروست دەکات. (فتاح مامە: ١٩٨٩: ٣٠). بۆنموونە سوانی یان تێچوونی دەنگی /د/ لە وشەی (ددان) دا و دەبێتە (دان) و هاوبێژی دروست دەکات، چونکە فۆڕمی وشەی (دان) سێ واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک: (ددانی مرۆڤ)، (دانەوێڵە-گەنم)، (دان- چاوگ) کە بە واتای بەخشین دێت.

((جارێک سەید ئەحمەدی خانەقا لە مەلا ساڵحی گۆزەپانکە دەپرسێ و دەڵێت: ئەرێ مەلا! تۆی مەلا ساڵحی **گوزەپانکە؟** مەلا ساڵحیش بە سەید دەڵێ: ئەرێ سەید جەنابتی سەید ئەحمەدی عەلی **عەیری؟**)). (عەلادین سوجادی ب.١: ١٩٥٧: ١٥٦).

ئەوەی لێرەدا هاوبێژی دروستکردووە؛ گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانن، وەک؛ گۆڕانی دەنگی/ۆ/ بە دەنگی/و/ یە، لە وشەی "گۆزەپانکە"؛ گوندێکە لە دەشتی دزەیی، مەلا ساڵح خەڵکی ئەوێیە، بەڵام کاتێک دەڵێت؛ "گوزەپانکە" واتای ئەندامی زاوزێی ئافرەت دەدات. هەروەها گۆڕانی دەنگی /غ/ بە دەنگی /ع/ لە وشەی "عەلی غەیر"؛ کە گوندێکە لە دەشتی کەرکوک و سەید ئەحمەدی خانەقا خەڵکی ئەوێیە، بەڵام کاتێک دەڵێت؛ "عەلی عەیری" واتای ئەندامی زاوزێی ئافرەت دەدات. هەر ئەم گۆڕانانە بوونەتە هۆی دروستکردنی نوکتەکە.

**٣. خواستنی وشەی بێگانە:** زۆر هۆکار هەیە، کە دەبێتە هۆی خواستنی وشەی بیانی بۆ ناو زمانی کوردی (سیاسی، ئایینی، ئابوری، ... هتد) و تێکەڵی وشە و زاراوەکانی زمانی کوردی دەبێت. کەوەر وەک بەشێکی ئۆتۆمبێل ناوی (کەوەر)ە و کورد وەریگرتووە و لەگەڵ (کەوەر)ی کوردی بوونەتە هاوبێژی، واتە فۆڕمی وشەی (کەوەر) دوو واتای جیاوازی لە زمانەکەماندا وەرگرتووە؛ کەوەر بە واتای (پارچەی ئۆتۆمبێل) و بە واتای جۆرێکی (سەوزە)یە؛ کە گیایە دەخورێت.

((مەلایەک لە لە خێڵێکا وەعزی ئەدا ئەیوت: هەر کەس شەوی **جومعە** لەگەڵ ژنی خۆیا ئیشی شەرعی بکات، وەکو حەو کافری کوشتبێ وایە. ژن و مێردێک لە وەعزەکە بوون، کە هاتنەوە ماڵەوە ژنەکە گوتی: پیاوەکە ئیمشەو **جومعە**یە با حەو کافر بکوژین. پیاوە گوتی باشە. تۆزێکی تری پێچوو دیسان ژنەکە گوتی: پیاوەکە **جومعە**یە نەوەک لە دەستمان دەرچێ، با حەو کافری تر بکوژین غەزایە. پیاوە گوتی: باشە. حەو کافری تریان کوشت بەوجۆرە ئەو شەوە تا بەیانی نزیکەی سەد کافریان کوشت. کەوتە سبەی شەوێ ژنە دیسان گوتی: ئێمشەویش هەر **جومعە**یە با دەسکەین بە کافر کوشتن. پیاوەکە گوتی: ئافرەت! دوێشەو **جومعە**بوو. ژنە گوتی: تۆ نایزانی بۆ غەزاکردن هەموو شەوێ **جومعە**یە. بە کورتی ژنەکە تەنگی بە کابرا هەڵچنی و شەو هەر **جومعە**بوو، ڕۆژ هەر **جومعە**بوو، هەموو ساڵ بوو بە **جومعە** و شوێنی غەزاکردن. کابرا بێهێز بوو، وای لێهات لوتت بگرتایە گیانی دەرئەچوو. ناچار ماڵەکەی بەجێهێشت و چوو لە مزگەوت نووست. ژنەکە دووسێ پیاوی نارد بە شوێنیا، پیاوەکان هاتن و وتیان ئاخر تۆ لە ماڵی خۆت بۆچی تۆراوی؟ کابراش گوتی: تا **جومعە** لەو ماڵەدا بێت، جارێکیکە مل بەو ماڵەدا ناکەمەوە، یان من، یان **جومعە**.)). (عەلادین سوجادی، ب.١: ١٩٥٧: ١٠٨-١٠٩).

ئەوەی لێرەدا هاوبێژی دروستکردووە؛ خواستنی وشەی بێگانەی (جومعە)یە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ ناو زمانی کوردی؛ کە هەینییە. هەروەها لە وەڵامی پیاوەکەدا بۆ ژنەکە وشەی (جومعە) واتای پیاوێکی (خەیاڵی) دیکە دەدات؛ کە توانای لە ڕادەبەدەری کاری سێکسی هەبێت. هەر ئەم وەڵامەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی نوکتەکە. جگە لەوەی وشەی (جومعە) کە واتای هەینییە؛ کاتێک هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، دەبێتە ناوی تایبەتیش بۆ مرۆڤ؛ تەنانەت زۆر کەس لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە؛ ناوی جومعەیە.

**٤. گۆڕانی واتا:** چۆن ژیانی مرۆڤ لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بێگومان زمانیش لە گۆڕانی بەردەوامدایە و دەکرێت فۆڕمی وشەیەک بە درێژایی مێژووی پەیدابوونییەوە توشی چەندان گۆڕان ببێت. واتە کاتێک فۆڕمی وشەیەک بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار، کە فرەواتا بووە، هەندێ لە واتاکانی لە یەک دووربکەونەوە و واتای نوێی بۆ زیادببێت و وشەی هاوبێژی دروستدەکەن. (بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید: ١٩٨٩: ٦٢). وەک لە وشەی (زێ)دا، کە واتای (ڕوباری زۆر گەورە) و بە واتای (زێی مێینە) دێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥: ١٨). بۆ ئاشنابوونی گۆڕانی واتا لە نوکتەدا؛ با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: (("عەزیزی مەسرەف" لە دیوەخانی شای ئێران ناسرەدین شادا دەبێت. شا ئەپرسێ: ئاغا! زووتر **ئەسپی** چاکت هەبوون چییان لێهات؟ ئەویش دەڵێ: شاهەم، خاوەنی **خۆیان سواریان بوون و ڕۆیشتن**. شا ئەم وەڵامەی پێ خۆش دەبێت.)). (عەلادین سوجادی ب.١: ١٩٥٧: ٢٤). ئەوەی لێرەدا و لەم کۆنتێکستەدا هاوبێژی دروستکردووە؛ گۆڕانی واتای وشەی ئەسپە بۆ کچ؛ کە جوانی و باڵابەرزی ئەسپ هەڵگوێزراوە بۆ کچ. هەروەها ئاغا نەیویستووە ڕاستەوخۆ بڵێ کچەکانم بە شووداوە، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵگوێزران و گۆڕینی واتای وشەی "ئەسپ" وەڵامێکی ناڕاستەوخۆی شای داوەتەوە؛ کە خۆی لە سواربوون و ڕۆیشتنی ئەسپ بۆ گۆڕینی بە شوودانی کچ و ڕۆیشتنیان بۆ ماڵی مێردیان، دەبینێتەوە.

**١-٢-٣-٣. چەمک و پێناسەی فرەواتایی (Polysemy):** کاتێک فۆڕمی وشەیەک چەند واتایەک لە خۆدەگرێت و لە نێوان واتاکانیشدا پەیوەندییان بە فۆڕمی وشەکەوە هەیە؛ ئەوا فرەواتایی لە زماندا دروستدەکات. دەبێت واتای فۆڕمی وشەکان چەند سیمایەکییان هاوبەش بێت. ((چونکە بوونی هاوبەشی مەرجی سەرەکی پەیوەندی فرەواتاییە لە نێوانیاندا)). (تابان محەمەد: ٢٠١٤: ٤٠). وشەی (فرەواتایی) کە وەرگێڕدراوی زمانی ئینگلیزییە، لە (Polysemy) ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە؛ کە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە و لە (Poly) بە واتای (زۆر) یان (فرە) و (semy) بە واتای (واتا) پێکهاتووە. (ستیفن اولمان: ١٩٩٧: ١١٤). لە زمانی کوردیدا زاراوەی (فرەواتایی) جێی خۆی گرتووە.

هەرچەندە پێناسەیەکی زۆر بۆ ئەم دیاردە زمانییە واتاییە کراوە، بەڵام لێرەدا دیارترینیان دەخەینەڕوو؛ کە دەگوترێت: ((وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانیان لە بنجەوە لە یەک نزیکن و بە یەک وشە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن.)). (کلود جرمان و ریمون روبلان: ١٩٩٤: ٤٠). یان ((وشە جیاوازەکان واتای جیاوازیان هەیە و خودی وشەیەک کۆمەڵێک واتای جیاواز لە خۆبگرێت، پێی دەڵێن فرەواتا.)). (ف. بالمر: ١٩٨٥: ١١٦). هەروەها جون لاینز دەڵێت: ((فرەواتایی تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی دانە فەرهەنگییە تاکەکان)) (جون لاینز: ١٩٨٧: ٤٨). هەروەها (کریستاڵ) سەبارەت بە فرەواتایی دەڵێت: ((فرەواتا زاراوەیەکە بۆ لێکدانەوەی واتا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە دانەیەکی فەرهەنگی کە کۆمەڵێک واتای جیاوازی لەخۆ گرتووە)) (Crystal: 2008: 373). هەموو ئەو پێناسانەی کە بۆ فرەواتایی خرانەڕوو، هەموویان لەوەدا کۆکن کە دانەیەکی فەرهەنگییە و چەند واتایەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەڵام پێناسەکەی (کلۆد

جرمان و ریمون روبلان) گشتگیرترین و وردترینیانە، چونکە ئێمە بۆئەوەی بتوانین فرەواتایی لە هاوبێژی جیابکەینەوە، دەبێت بەشێوەیەک پشت بە لە یەکنزیکی و هاوبەشی واتای فۆڕمی وشەکە ببەستین، بۆئەوەی بزانین کە فرەواتایە و هاوبێژ نییە. کەواتە لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی کە بۆ فرەواتایی خراونەتەڕوو، دەتوانین بڵێین فرەواتایی؛ کەرەستەیەکی زمانە، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەمەرجێک واتا جیاوازەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت.

هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە فرەواتایی لە هاوبێژی گرنگترە، چونکە ((بوونی فرەواتایی لە زماندا گرنگە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و کەمکردنەوەی وشە و زمانەکە لە ئاڵۆزی دووردەخاتەوە، و ئەرکی دانانی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگنوسی و فێربوونی ئەو زمانەش ئاسان دەکات.)). (ڕۆژان نوری: ٢٠١٣: ١٩٣). بۆیە بوونی فرەواتایی لە زماندا بە یەکێک لە پێویستییە گرنگەکانی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ بۆ هەر واتایەک وشەیەک دابنێ، ئەوا ئەرکی مێشک گران دەکات. هەروەها دەبێت درکیش بەوە بکەین، کە ((یەکێ لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ ئەوەیە، کە وشەی وای تێدایە، کە توانستی گەیاندنی چەند واتایەکی هەیە.)). (ستیفن اولمان: ١٩٩٧: ١٣٤). بۆ ئاشنابوونی نوکتە و فرەواتایی با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((تازە ئۆتۆمبێلە پاسەکان کەوتبوونە ناو شاری سولەیمانی بۆ هاتوچۆکردنی خەڵك بەناو شاردا، کابرایەکی مرانەیی لەگەڵ ژنەکەیا هاتبوونە سولەیمانی و سواری پاس بووبوون، وا ڕێککەوتبوو ژنەکە لە پێشەوە دانیشتبوو، مێردەکەی لە بەشی دواوە، کابرای مێردی پارەی هەردووکیانی دابوو، پاسەکەش پڕبوو لە خەڵک، لەو ناوەدا کابرا هەستاو بە دەنگی بەرز بانگی کرد لە ژنەکەی: ئایشێ ئایشێ **من لە دواوە داومە، ئیتر تۆ لە پێشەوە مەیدە**)) (عەلادین سوجادی ب.٥: ١٩٧٢: ١٤٠). ئەوەی لێرەدا فرەواتایی دروستکردووە، لێڵییە لە ڕستەکانی (من لە دواوە داومە، تۆ لە پێشەوە مەیدە)، کە جگە لە واتا ئاساییەکەی خۆی؛ واتایەکی دیکەی دروستکردووە؛ کە دانی پێشەوەی ئافرەت (زێی ئافرەت) بۆ کاری سێکسییە. بە واتایەکی دیکە قسەی کابرایەکە دوو واتای دروستکردووە؛ کە بەجۆرێک لە جۆرەکانی پەیوەندی لە نێوان واتاکاندا هەیە؛ ئەویش (پارە نەدانی کرێی پاسەکە لە پێشەوە "شوێن") و (نەدانی سێکسی ژنەکەیە لە پێشەوە)یە. پەیوەندی واتایی لە نێوان (پێشەوە)ی هەردوو مەبەستی سەرەوەدا هەیە؛ کە شوێنەکەیە.

**١-٢-٣-٤. هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی:** گەلێک هۆکار کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی فۆڕمێکی زمانی جگە لە واتایەک؛ چەند واتایەک لە خۆبگرێت. بۆیە فراوانبوونی واتای وشە و توانستی گەیاندنی زیاتر لە واتایەک دیاردەیەکی سروشتییە لە زماندا، ئەو توانستەی وشە لە بەدەستهێنانی واتای نوێدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نەبووە و بەڵکو چەند هۆکارێک هەنە، کە کاریگەرییان لە دروستکردنی فرەواتاییدا هەیە، و لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

**١. خواستنی واتا:** لە دیارترین جۆرەکانی پەیوەندی لە نێوان واتاکاندا؛ خواستنە، کە تیایدا وشەیەک واتایەکی کارەکی و واتایەک یان چەند واتایەکی دیکەشی دەبێت. (ف. بالمر: ١٩٨٥: ١١٩). بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە پەیداکردنی واتای نوێ لەڕێی خواستنەوە لەسەر بنەمای هەبوونی پەیوەندی لە نێوان واتای هۆشەکی وشەکە و واتا خواستراوەکەدا دەبێت، واتە گواستنەوەی واتایەک لە فۆڕمێکی زمانییەوە بۆ هەمان فۆڕم، بەڵام دەبێت پەیوەندییەک لە نێوان واتا گواستراوەکاندا هەبێت. ئەمەش (لە ئەنجامی بەکارهێنانی میتافۆری دەربڕینەکانە، بۆنموونە وەکو وشەی (چاو) کە لە چاوی مرۆڤەوە گواستراوەتەوە و خواستراوە بۆ چاوی کامێرا. (مەسعود بەکر ئەحمەد: ٢٠١٥: ٥٥). لێرەدا (بینین) واتای بنچینەیی وشەکەیە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤ؛ کە

کامێرای دروستکرد، لەسەر شێوەی چاوی مرۆڤ، چاوی کامێراش دروستکرا. کەواتە چاو (چاوی مرۆڤ) و (چاوی کامێرا) دەگرێتەوە. بۆ ئاشنابوونی خواستنی واتا لە دروستکردنی نوکتەدا با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((کابرایەکی کورد هەبوو چیلکەفرۆش بوو، هەموو ڕۆژێ دەچوو بە کۆڵ چیلکەی دەهێنا و دەیفرۆشت؛ بەوە دەژیا. ئەم کابرایە خۆی کەڕبوو، ژنەکەی کەڕبوو، کوڕێکی هەبوو؛ کەڕبوو، کچێکیشی هەبوو ئەویش هەر کەڕبوو. لە ماڵی پیرێژنێکا بوون ناوی "پورەفاتە" بوو؛ ئەویش هەر کەڕبوو. ڕۆژێک کابرا بە کۆڵە دارەوە هاتەوە. موختارەکە بانگی کرد، وەرە دوو قەڕانت بدەمێ؛ خەرجی کە. کابرا بە کۆڵە چیلکەوە ڕایکردە ماڵەوە، ژنەکەی پرسی بۆچی نەتفرۆشت؟ گوتی: کچێ! من پیاوێکی هەژارم، خەڵکی خێرم پێدەکەن؛ کەچی موختار داوای دوو قەڕان پیتاکم لێدەکا. ژنە ڕووی کردە کچەکە و گوتی: ڕۆڵە، سەیری باوکت کە هاتووە دەڵێ گۆشتی مەڕتان بۆ بکڕم یان گۆشتی گا؟ منیش دەڵێم: تۆ هەر چێکیان بکڕی هەر باشە. کچە ڕایکردە لای براکەی و گوتی: کاکە! دایکم پرسم پێدەکا و دەڵێ کوڕی وەیسە داوای تۆی کردووە، شووی پێدەکەی یان نە؟ منیش گوتم دایە من وەکو کچی خەڵکی نیم باوکم و تۆ و کاکم بە هەر کەسێکم بدەن ڕازیم. کوڕەش بە توڕەییەوە چوو بۆ لای پورەفاتە و گوتی: وەڵڵا هەر کەس پێم بڵێ پورەفاتەی گاوە؛ دەیکوژم. پورەفاتەش گوتی: **وەڵڵا باوکم ژووری خۆمە و لە دوو قەڕان کەمتری نادەم.**)). (عەلادین سەجادی ب.١: ١٩٥٧: ١٠٢-١٠٣). لێرەدا ئەوەی لێڵی لە نوکتەکەدا دروستکردووە و بۆتە فرەواتایی؛ خواستنی واتای ژوورە بۆ لایەنی کاری سێکسی. ئەویش بەهۆی لێکچوون و گواستنەوەی واتای فرێزی (ژووری خۆم) بۆ واتای ئەندامی زاوزێی پورەفاتە. کە پێکهاتەی ژوور و پێکهاتەی ئەندامی زاوزێی ئافرەت، تاڕادەیەک لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە و هەر ئەو واتایەشە خواستراوە بۆ ئەندامی زاوزێی ئافرەتەکە و نوکتەکەشی دروستکردووە.

**٢. فراوانبوونی واتا:** ئەگەر تەماشای ژیانی ئێستامان بکەین؛ هەندێک وشە لەکاتی بەکارهێناندا و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار واتایەکی فراوانتریان پەیداکردووە و بۆ بوارێکی دیکە بەکارهاتوون. بۆیە فراوانبوونی واتا، ئەوکاتە ڕوودەدات کاتێک، کە وشە لە واتایەکی تایبەتی خۆیەوە بۆ واتایەکی گشتی دەگوازرێتەوە. (مەسعود بەکر: ٢٠١٥: ٥٨). فراوانبوونی واتاش مانای ئەوەیە، کە وشەکە بە ژمارەیەکی زیاتری واتا لەچاو واتای پێشووی ئاماژەی بۆ دەکرێت، یان بواری بەکارهێنانی لە جاران فراوانتر دەبێت. (احمد مختار: ٢٠٠٩: ٢٤٣). یان بە واتایەکی دیکە (بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەکی فراوانتر لە سنووری بەکارهێنانی خۆی، وەک؛ (نان) سەرەتا تەنیا نانی خواردن- ماڵان- بازاڕی دەگرتەوە، بەڵام ئێستا واتاکەی فراوانتر بووە و بۆ (بژێوی ژیان) یان (ژەمی خواردن)یش بەکاردێت. (تابان محەمەد سەعید: ٢٠١٤: ٤٢). بۆ ئاشنابوونی فراوانبوونی واتا لە دروستکردنی نوکتەدا؛ با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((شێخ ڕەزا جارێک هەر لە سولەیمانی لە کۆڵانێکا توشی کچێک دەبێت زۆر بە گورجی دەڕوات؛ پێی دەڵێت: کچم هێواش بڕۆ با **مەقەسەکەت کول نەبێ**. کچەکەش خێرا دەڵێت: مامە ئەگەر کولیش ببێت، بەشی بەر سمێڵی تۆ هەر دەمێنێتەوە)) (عەلادین سوجادی ب.١: ١٩٥٧: ١٥٣). لێرەدا لەم نوکتەیەدا وشەی (مەقەست) واتاکەی فراوانبووە و واتای کتومتی (ئەندامی زاوزێی ئافرەت) دەدات و بەجۆرێک لە جۆرەکانیش پەیوەندییەکی واتایی لە شێوەدا لە نێوانیاندا هەیە و فرەواتایی دروستکردووە و هەر ئەمەشە نوکتەکەی بنیاتناوە.

**٣. گۆڕانی واتای وشە:** هاوشانی ئەو گۆڕانانەی لە گێتیدا یان لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدەن، ئەوا ئەو گۆڕانانە کەرەستە بەکارهاتووەکانی زمانیش دەگرنەوە. لەو چوارچێوەیەشدا (گۆڕانی واتای وشەش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم گۆڕانە گشتییەوە، کە لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ دێتەکایەوە.). (ساکار ئەنوەر حەمید: ٢٠٠٩: ٥٣). ئەم گۆڕانانەش بەپێی پێویستی

ئەو کۆمەڵەیە لە واتای وشەکاندا ڕوودەدەن و مەرج نییە واتای وشەیەک بە تەواوی بە واتایەکی دیکە بگۆڕدرێت، بەڵکو زۆرجار واتا سەرەتاکە هەر دەمێنێتەوە، بەڵام لەو واتایەوە واتایەکی دیکەی لێهەڵدەگوازرێتەوە و بەکاردەهێنرێت. هەروەها (گۆڕانی واتای وشە بێ سنوورە.). (مەسعود بەکر ئەحمەد: ٢٠١٥: ٥٥). بەزۆری فۆرمی کەرەستە بەکارهاتووەکانی زمان، سنووردار و جێگیرن، بەڵام ئەوا واتایە بەردەوام بێ سنوورە و لە گۆڕاندایە. وەک؛ فۆرمی وشەی (وەرەقە)، کە جاران تەنیا واتای (کاغەز)ی دەدا، بەڵام ئێستا لە مامەڵەی درواى داراییدا واتای (پارە- دۆلاری ئەمەریکی)یش دەدات و ئەم واتایەی بۆ هەڵگوێزراوە. ئەمەش پێویستی ژیان وایکردووە، کە هێمای زمانی (وەرەقە) کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی؛ واتای (دۆلاری ئەمەریکی) بدرێتە پاڵ و بەکاربهێنرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە و ئاخێوەر یان بەکارهێنەری زمانەکە کەمتر هەست بە ماندوویی دەکات، چونکە ئەم دیاردەیە جگەلەوەی (کەلێنێکی گەورە لە فەرهەنگی زمان پڕدەکاتەوە؛ هۆکارێکە بۆ ئابوریکردن لە زماندا، لەبەرئەوەی بە یەک وشە دەتوانرێت چەند واتایەک لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەوە دەستەبەر بکرێت و بەکاربێت.). (محەمەد قادر: ٢٠٢١: ٣٥). بەمەش ژمارەی واتاکان بۆ هێما زمانییەکان زیاد دەبێت. بۆ ئاشنابوونی گۆڕانی واتای وشە لە دروستکردنی ن.وکتەدا، با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((ڕۆژێک وەسمان پاشا لە سولەیمانییەوە دەڕواتەوە بۆ هەڵەبجە؛ لەناو ئاوەکەی "بوارەپان"دا توشی ژنێک دەبێت، کە لە ئاوەکە دەپەڕێتەوە. تەماشا دەکات ژنەکە بۆئەوەی تەڕنەبێ، دەرپێکەی داکەندووە. پاشا ویستی بیدوێنێ و سەیری ناولنگی دەکا و دەپرسێت: کچێ کوێندەڕیت و چە کەسیت؟ ژنەکە دەڵێ: قوروان سەی سایقیم و دۆمم. دەڵێ: بە خوا کەنی**!** لەشێکی ناشیرینت هەیە، ئەوە بۆچی **دەمی** وەها شێواوە؟ ئەویش دەڵێت: قوروان ئەو ئەرکەی لەسەر ئەوە، ئەگەر لەسەر **دەمی تۆ** بووایە ددانێکی تێدا نەدەما و لەمە خراوتریشی لێ دەقەوما)). (عەلادین سوجادی ب.١: ١٩٥٧: ١٥٤). ئەوەی لێرەدا لەم نوکتەیەدا لێڵییەکەی لە نوکتەکەدا دروستکردووە؛ گۆڕانی واتای وشەی (دەم)ە کە دەم بۆ خواردنە، بۆ (دەمی ئەندامی زاوزێی ئافرەت)ەکە. واتە دەمی خواردن گۆڕاوە بۆ دەمی ئەندامی زاوزێی ئافرەت. بۆیە لێرەدا هەر وشەی (دەم)ەکە نوکتەکە دروستدەکات، کە بەجۆرێک لە جۆرەکانیش شێوە پەیوەندییەک لە نێوان هەردووک دەمەکەدا هەیە.

## بەشی دووەم

### ٢. نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری" لەڕوانگەی لێڵی زمانییەوە:

**٢-١. هەڵهێنجانی لێڵی (هاوبێژی، فرەواتایی، گوێزانەوەیی، ڕۆنانی):** دەکرێت لێڵی وەک پێوانێکی ورد لە دیاریکردن و دەرهێنانی جۆرەکانی لێڵی لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا بەکاربێت و ڕێژەی جۆرەکانی لێڵییەکەش بەدەربخات. بەمەش نوکتە وەک جۆرێک لە جۆرەکانی گاڵتەوگەپ بەهۆی زمانەوە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر بگێڕێت و لە پەنای مەبەستەوە خەندە و پێکەنین دروستبکات.

**٢-٢. خستنەڕووی لێڵی لە "ڕشتەی مرواری"دا:** "ڕشتەی مرواری" کە پێکهاتووە لە (٨) بەرگ، گوزارشت لە ژیان و گوزەران و بارودۆخی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردی دەکات؛ لەبەر دەرنەچوون لە قەبارەی توێژینەوەکە تەنیا ژمارەی لاپەڕە و بەرگ و جۆری لێڵی نوکتەکە خراوەتەڕوو. ئینجا خوێندنەوە و لێکدانەوەی لێڵی بۆ ئەو نوکتانەی کە لەڕێگەی لێڵییەوە دروستدەبن؛ کراوە و پاشان ئامارەکەی خراوەتەڕوو:

| لاپەڕە | بەرگ | کاکڵەکەی | جۆری لێڵی |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | ١ | شا دەپرسێ: ئاغا! زووتر **ئەسپی** چاکت هەبوون، چییان لێهات؟.... شاهم، خاوەنی خۆیان سواریان بوون و ڕۆیشتن. | هاوبێژی |
| ٢٥ | ١ | ........ ئێستەش **پاشا سوورە** کە هەستا، نە گوێی بە پاشا کۆرە ئەدا نە بە پاشای ساغە.......... | هاوبێژی |
| ٢٦ | ١ | ........... ژنەکە، عەزیزخان چاک دەخوا، بەڵام ئێمە **چاک ئەکەین**. | هاوبێژی |
| ٢٧ | ١ | .... لێی دەپرسن: **شاسوار کوری تۆیە**؟ ئەویش دەڵێت: **من باوکی ئەوم**. | گوێزانەوەیی |
| ٢٨ | ١ | ..... دەڵێ: ڕۆڵە، من دەزانم **تۆ کوری منی**، بەڵام تۆ نازانی **کە من باوکی تۆم**. | گوێزانەوەیی |
| ٢٩ | ١ | ......**دەهۆڵ لێدەدەم**. دەڵێ: ئەی بۆ چ دەنگی نایە؟ ئەویش دەڵێ: بەیانی گوێت لە دەنگی دەبێ. | فرەواتایی |
| ٣٢ | ١ | ..... جەنابی سەید، دەغڵ لای ئێمە هەیە و **دان** لای ئێوە. | هاوبێژی |
| ٣٢ | ١ | ....... جا باوکەکەی دەیوت: تا مناڵ بوو **لێم باربوو**؛ کە گەورە بوو **لێم هاربوو**. | فرەواتایی |
| ٣٢ | ١ | ..... لە دراوسێی دوکانەکەی پرسی: ئەرێ فڵان کەس چی لێهات؟ ئەویش وتی: **" چووە گۆزەکەوە"**. | فرەواتایی |
| ٣٣ | ١ | ...دەیوت: جا کە دای **بەدەم سەگەوە** ئیتر لێدان بە کەڵکی چی دێ؟ | فرەواتایی |
| ٧١ | ١ | .....بەخوا یا شێخ **وەجاخم کوێرە**. .....باوکی ڕەحمەتیشی هەر **وەجاخی کوێربوو**. | فرەواتایی |
| ٧٢ | ١ | ..... مامۆستا پێی ناوێ؛ بە گۆڕی بابم **رمبە لە بنییەوە هەڵدەستێنم**. ... | گوێزانەوەیی |
| ٧٥ | ١ | .......دەیوت: هەپۆش مەپۆش، وی **کونی داپۆش**. ............... | فرەواتایی |
| ٨٣ | ١ | ...... وتی: بەسەر **کوری دایکتا**. وتی: بە شاهێدی کێ؟ وتی: بە شایەتی **کوری خوشکی خاڵت**. | گوێزانەوەیی |
| ٨٨ | ١ | ........ پێی دەڵێت: پاشا بە نان و **بەدانەوە** میوانین. .......... | هاوبێژی |
| ٩٤ | ١ | ....... لەم **تالعە رەشە**ی من هەمە،............. **تالعم** خراوە. بێژم چی؟ | هاوبێژی |
| ١٠١ | ١ | ......وتی: ئەگەر هەندێ **تەرە** بێنم پاشا نایخوا؟......... **سەوزییە**. | هاوبێژی |
| ١٠١ | ١ | ..... دەڵێ: کوڕە وا نەزانی بۆ **یەکێکی تری دروست دەکەی**...... بەسەری تۆ ئەگەر لەوانە نەبوو کە **بۆ خۆت دروستکرابێ**، بیدەرەوە بە سەرما. | ڕۆنانی |
| ١٠٣ | ١ | ...... وەڵڵا باوکم **زۆری خۆمە** و لە دوو قەڕان کەمتری نادەم. | فرەواتایی |
| ١٠٤ | ١ | ......... بە دەستیش ئاوقەی کوێخای دەکرد: یانێ **کوتامە دایکت**. ...... | هاوبێژی |
| ١٠٩ | ١ | ......... کابراش وتی: تا جمعە لەو ماڵەدا بێ، جارێکیکە من بەو ماڵەدا ناکەمەوە، یان **من**، یان **جمعە**. | هاوبێژی |
| ١٥٢ | ١ | ......ئەویش دەڵێ: بەڵێ ڕاستە، ئەگەر **ژنەکە رەزابێ**.......... | هاوبێژی |
| ١٥٢ | ١ | ......کتوپڕ دەڵێ: یا شێخ ئەوەی دایکی عەولقار **ئەیدا بە من**، ئەگەر تۆ **بتدامایە** تۆیشم ئەوەندە خۆش دەویست. | هاوبێژی |
| ١٥٣ | ١ | ......ژنەکەش ئەڵێ: باوکی پێی نەوتووم لە **کەری چاککەم**. | هاوبێژی |
| ١٥٣ | ١ | ...... کچم هێواش برۆ با **مەقەسەکەت کول نەبێ**. ........ | فرەواتایی |
| ١٥٤ | ١ | .... ئەویش ئەڵێ: قوروان ئەو ئەرکەی لەسەر ئەوە، ئەگەر لەسەر دەمی تۆ بووایە ددانێکی تێدا نەئەما و ......... | فرەواتایی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥٦ | ١ | ......شەلە دەڵێ: ئەم **جوانوانە** بۆ کوێ دەبەی؟....سوێندیان داوم لە **کەری شەلیان** چاک نەکەم. | هاوبێژی |
| ١٥٦ | ١ | ...... ئەرێ مەلا! تۆی مەلا ساڵحی **گوزەیانکە**؟ مەلا ساڵحیش بە سەید دەڵێت: ئەرێ سەید جەنابتی سەید ئەحمەدی عەلی **عەیری**؟ | هاوبێژی |
| ١٥٧ | ١ | ........دانیشتبوو **دەعباکەی** شۆڕبووبۆوە. .........ڕۆڵە ئەوە **قاچی** سێهەممە. | فرەواتایی |
| ١٥٩ | ١ | ........ وتی: نەوەڵڵا! وتی کەواتە ئەگەر بە قەد **هینەکەی خۆم** بێ چۆنە؟ ...... ئەندازەی پێ ناوێ وەکو ئەبینم بە قەدەر **دەمی تۆ** باشە. ........ | فرەواتایی |
| ١٦٣ | ١ | .....شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ: مەترسە **ئەمینە**. وا ئەمیناغاش ڕاوەستاوە و ئەمیناغا گورج هەڵدەداتێ و دەڵێ: بەڵێ ئەگەر بیشیگێیت **ڕەزایە**. | هاوبێژی |
| ١٦٣ | ١ | ....وتی: فڵانی بە خوا من **ئەگەر بچمە بەهەشتیش ناحەسێمەوە، تەنها لە ماڵەکەی خۆما نەبێ**. ......وتی: فڵانی، بە خوا منیش **تەنانەت ئەگەر بچمە جەحەنەمیش دەحەسێمەوە، تەنها لە ماڵەکەی خۆما نەبێ**. | گوێزانەوەیی |
| ١٦٥ | ١ | .... ئەڵێ: لە شێخ مەحموود بپرسین **ژنی حسابگرە**. شێخ مەحموودیش بەبێ وەستان دەڵێت: **حسابگر ژنمە**. | ڕۆنانی |
| ١٦٥ | ١ | ...... ئەمیش دەڵێت: **برا تۆ بۆچ ئەوەندە دڵت پێدەسوتێت**، ........ . | گوێزانەوەیی |
| ١٦٧ | ١ | .... ئەویش دەڵێت: نە بە سەری تۆ **ئاغا ژنم** گاوە. | ڕۆنانی |
| ١٦٨ | ١ | ..... مەلا خێرا دەڵێ: بەڵێ قوربان مامۆستای **ڕەزایە**. | هاوبێژی |
| ١٧٧ | ٢ | ........: کاکە تۆیش بەخێر **بەشەو هەڵدەستیتەوە**؟ ........وتی: میزدەکەم و..... | فرەواتایی |
| ١٩٤ | ٢ | ...........ئەگینە ئەبوایە لە **هەورەتریشقەکە**ی ئێوارێدا **پاش پارگێنم** لێ بدایە. | فرەواتایی |
| ٢٠٠ | ٢ | ...... خۆتان داپۆشن ئەو **پیاوانە** هاتن. ........ وت: کەنێ باوانت شێوێ کوا پیاون، ئەمانە فەقێن. | هاوبێژی |
| ٢١٣ | ٢ | ...... وتی: **هەر کامێکتان ئاوبردی پارەی ئەوەم مەدەنێ**. | گوێزانەوەیی |
| ٢٤٧ | ٢ | ...... هەڵی ئەگری باشە، ئەگینا وە تەنها فیشەکێ **ساردت دەکەمەوە**. | فرەواتایی |
| ٣٠٩ | ٢ | ..... دەڵێ: **بەسەری بابت**؟ دەڵێ **بەسەری بابم**. | گوێزانەوەیی |
| ٤٢٧ | ٢ | ......ئەڵێ: **نۆکەری گەوران، غوڵامی سەری خانان، ئاغا میرزا حەسەن خانی مورتوزا قولیخانی میراخورزادەی کەمەربەندەی سەرجوقە**. .....ئەویش خێرا دەڵێ؛ قوربان! **حسە**. | گوێزانەوەیی |
| ٤٢٨ | ٢ | ......پلەکەی دەهاوێژێ و دەڵێ: **سەر و مێش و حەج**. ............ | هاوبێژی |
| ٢٤٨ | ٢ | ..... تکاتان لێدەکەم دەستەکەی مەبڕە، هەر **لەلەی بکە**. | هاوبێژی |
| ٤٢٩ | ٣ | ...... **گژگژ خەلیفە بە کەڵە! گژگژ خەلیفە بە کەڵە!** | فرەواتایی |
| ٤٣٨ | ٣ | ..... پێیان دەوت: **بالک**. ........بەڵام هەر شۆرەت هەر شۆرەتی **بالکی** برامە بە بازاڕا، بە کۆڵانا هەرچی دەڕوا هە دەڵێ؛ **بالک، بالک**. | هاوبێژی |
| ٤٤٣ | ٣ | .... ئەڵێ: بە فەخری عالەم! **خۆت کەری خۆت کەری**! | هاوبێژی |
| ٤٥٢ | ٣ | ..... دەپرسێ: **نیرەلی سەن**. .........ئەی وەچیا ئەزانێ ناوم **ئەلی یەسەنە** | هاوبێژی |
| ٤٧٦ | ٤ | ...... سەگێکیان هەبوو **هاتبووە"با"**........... . | هاوبێژی |
| ٤٨٤ | ٤ | ....... الم غلبت **الترک**. ......... ئەڵێ: فلبت **الروم**. ئەویش لەناو نوێژەکەدا دەڵێت: گوێی مەدەرێ هەموویان دوژمنمانن. ........ | هاوبێژی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨٥ | ٤ | خاوەن دوکان دەڵێت: **شتريد**؟ ئەڵێ: گووی تۆی لێ نەوارێ هەر تۆ ماویت نەزانی من **شاتريم**، ئەوا تۆیش زانیت. | هاوبێژی |
| ٤٨٦ | ٤ | کابرایەکی بەغدایی پێی دەڵێت: **"گوە"**. ئەویش دەڵێت: دەویت باوک خۆت **گویت** من لە غەزا دێمەوە. ........ | هاوبێژی |
| ٥١٥ | ٤ | ....شێخ عومەر دەڵێت: قوربان لە دوێنێوە من هەر لە خەیاڵی تۆدام؛ کەچی تۆ دەستی خۆتت وەشاند **هەم سواربوويت و هەم پێت گرتم.** | گوێزانەوەیی |
| ٥٢٠ | ٤ | ..... وتی: زیاتر لە سەد فێڵ دەزانم، بەڵام ڕاستی چاکتریان ئەوەیە **نە من چاوم بەو بکەوێ؛ نە ئەو چاوی بە من بکەوێت.** | گوێزانەوەیی |
| ٥٢١ | ٤ | ....... **نە من کەسیان دەناسم** و **نە ئەوانیش کەسیان من دەناسن.** ...... | گوێزانەوەیی |
| ٥٢١ | ٤ | ....... دەیوت: ژیر نەبیتەوە هەڵدەستم **دایکت دەگێم**. مناڵە هەر ژیر نەبۆوە. ژنە وتی: **بڕواناکا تا بەچاوی خۆی نەبینێت.** | گوێزانەوەیی |
| ٥٤٦ | ٤ | ... دەڵێ: چما **بانگی حەمەی ڕیسوان** چنە؟ دەڵێ: کوڕە چنە؟ **دە وەرنە نوێژان دە وەرنە نوێژان.** | گوێزانەوەیی |
| ٥٥٢ | ٤ | ..... دەڵێ: **عەبدولواحید**. دەڵێ: دە لاچۆ تۆ بەجێیان بێڵە من عەبدی هەردووکیانم. | هاوبێژی |
| ٥٥٧ | ٤ | ....... ئەویش دەڵێ: قوربان **کەر** زۆرە، بەڵام بەر من ناکەوێت. | هاوبێژی |
| ٥٦٢ | ٤ | .... کابرا دەڵێ کاکە حەمە **گاڵ چۆن لەسەر ڕەشکە هەڵدەخرێت**؟ ئەویش دەڵێ: ئاخر کوڕم **نەدان مەعنای چییە؟** | گوێزانەوەیی |
| ٥٧٦ | ٤ | ...... پێی دەڵێت: خاڵە بریا لنگەکەی تریشت **گا بایە**. کابراش دەڵێ: **ئاغەم گایە هۆ لەوێ.** ....... | ڕۆنانی |
| ٥٧٩ | ٤ | ..... **نوێژی نەدەکرد.** ...... ئەویش دەیوت: **نەوەک فێرببم.** | گوێزانەوەیی |
| ١٥ | ٥ | .....قورعانەکەی بەوراغا **تەقەڵی ڕانی شل کەیت!** | فرەواتایی |
| ٢٧ | ٥ | ..... خوێندنی ئایەتی: **تتجافى** جنوبهم عن المضاجع. ........ ئاغا وتی: مەلا من ئەمە نازانم، ئەبێ ناو ئێمەش هەبێ لە قورئانا............ . | هاوبێژی |
| ٣٧ | ٥ | .... پێشی وت کە (**ڕەعد**)م کردووە بەناوی شیعر بۆ خۆم. ....... بۆ نوسی: ئەی **تڕت ڕەعد** و تست ڕەشەبا. | هاوبێژی |
| ٤٧ | ٥ | ...... بڵێن بە مەلا موسا: ئەو **بەر و بەردەرگا** ئەو لێی دەپرسێ<br>کردومە **بەو کاغەزە ئەو لێی ئەنوسێ**<br>تا زووە بێتەوە هیچ لێی نەترسێ! | فرەواتایی |
| ٥٦ | ٥ | .... پێی وت: **ئەگەر چاکیت لەک نیت. ئەگەر لەکیت چاک نیت.** | گوێزانەوەیی |
| ٦١ | ٥ | ..... دەفەرموێ: **"**فألهمها **فجورها** و تقواها" مەعنای چی؟....... "الم **تر** كيف" مەعنای چی؟ ........... | هاوبێژی |
| ٦٥ | ٥ | ...... بە لای **ڕەشتا بە سوکی ئەمتراندی!** | فرەواتایی |
| ٩٥ | ٥ | ..... شێخ مارفی سەعاتچی دەچێتە ئاودەستی مزگەوتێک و پیاوێک پێی دەڵێت: **فەرموو!** ئەمیش دەڵێ: سوپاست دەکەم من پاشماوە ناخۆم! | هاوبێژی |
| ٩٦ | ٥ | ...... خەریکی دەرۆزەکردن دەبێ، ........ دەیباتە سەر کۆشکەکە و لەوێ پێی دەڵێت: **خوا بتداتێ!** | گوێزانەوەیی |
| ٩٦ | ٥ | .....وتی: مامۆستا! قسەکەی تۆ **لە هەردووکیان ساردترە!** | گوێزانەوەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٠ | ٥ | ....... بەڵام ئایا وەختێ کە هاتییە دنیاوە **لەناو ژنەوە نەهاتیت؟** ....... | گوێزانەوەیی |
| ١٠٣ | ٥ | ....... ڕاست دەکەن دەڵێن لە تەقاویتەکان **ئەبڕن؟** ئەویش خێرا پێیئەڵێ: جا تازە خۆ کەڵکی **تێ بڕینت** نەماوە! | هاوبێژی |
| ١٠٥ | ٥ | ......دەڵێ: پیاوەکە ئەگەر **من مردم تۆ چی دەکەی؟** سەی حەمە حەسەنیش دەڵێ: ئافرەت **ئەگەر تۆ نەمردی من چی بکەم؟** | گوێزانەوەیی |
| ١٣٤ | ٥ | .....وتم: جا ئەگەر پیاو تینوی بوو چی دەکا؟ وتی: ئاو دەخواتەوە! .... | گوێزانەوەیی |
| ١٣٩ | ٥ | ........ نوسراوە: لەبەر ئەوە **دەرگای دواوە** وێرانە **لەپێشەوە تەشریفتان** بێت!! | فرەواتایی |
| ١٣٩ | ٥ | ...... ئینسافت ببێ، من **نەکیرم.** پیرێژن دەڵێ لێرەش هەر **نەکیر؟!** ئەی کیر لە کوێیە؟! | هاوبێژی |
| ١٤٠ | ٥ | ... لە ژنەکەی: ئایشێ ئایشێ من لە **دواوە** داومە. ئیتر تۆ **لەپێشەوە** مەیدە. | فرەواتایی |
| ١٨٣ | ٦ | .... تۆپی، ئێستە چۆن ئیشی وا دەکەیت؟! عەولاش هەر کوتی پێوەدەدا و دەیوت: تۆپی **تۆ خۆش**، تۆپی **تۆ خۆش!** | گوێزانەوەیی |
| ٢٧٣ | ٦ | .....سەی حسین دەڵێ: جەنابی مامۆستا! چ **نیعمەتێک لەوە باشترە کە رووی جەنابت نابینم!.** | گوێزانەوەیی |
| ٢٧٤ | ٦ | .......دەڵێ: مامۆستا وەڵا **یەنجا فلسم نەدەیتێ هەڵدەستم بۆئەوەی کچێک لە تەنیشتەوە دانیشێ!** ئەویش دەڵێ: **کاکە شێخ مارف سەد فلست دەدەمێ و هەستە!** | گوێزانەوەیی |
| ٢٩٥ | ٦ | ... دەڵێن **جری وری؟** یا **وری جری؟**......... | ڕۆنانی |
| ٣٣٨ | ٧ | ....... من ئاگام لە **دوای خۆم دەبێ، تۆیش ئاگات لە بەری خۆت بێ!** | فرەواتایی |
| ٣٥٤ | ٧ | ....وتی: پەکو، وەڵا **ئەفەندی لە پاشی نا.** | گوێزانەوەیی |

لە دوای دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی لێڵی لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا؛ لە کۆی (١٢٢٦) نوکتە، (٨٦) نوکتە کە لەسەر لێڵی بنیاتنراون، وەرگیراوە؛ جۆرەکانی لێڵی بەمشێوەیە (٣٤) هاوبێژی و (٢١) فرەواتایی و (٢٦) لێڵی گوێزانەوەیی و (٥) لێڵی ڕۆنانی بەدەستهات، و ئەنجامەکەش بەشێوەی ڕێژەی سەدی، بەمشێوە هێڵکارییەی خوارەوە دەچوو:



**هێڵکاری لێڵی لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا**

بەپێی ئەو ڕێژەیەی، کە لەم هێڵکارییەدا بەدەست هات، ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، لە جۆرەکانی لێڵیدا (هاوبێژی) بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە و (لێڵی ڕۆنانی) نزمترین ڕێژەی تۆمارکردووە.

## ئەنجامەکان

آ. ئەو ئەنجامانەی کە لە ژمارە و ئامارەکانەوە بە دەستهاتوون، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١. لێڵی فەرهەنگی (هاوبێژی) لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا، بە ڕێژەی لە ٤٠% بە پلەی یەکەم دێت،و لێڵی فەرهەنگی (فرەواتایی) بە ڕێژەی ٢٤% بە پلەی سێیەم دێت.

٢. لێڵی ڕێزمانی (گوێزانەوەیی) لە نوکتەکانی " ڕشتەی مرواری"دا، بە ڕێژەی ٣٠% بە پلەی دووەم دێت، و لێڵی ڕێزمانی (ڕۆنانی) بە ڕێژەی ٦% بە پلەی چوارەم و کۆتایی هات.

٣. لێڵی فەرهەنگی (هاوبێژی) لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا؛ بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە و لێڵی ڕێزمانی (ڕۆنانی) نزمترین ڕێژەی تۆمارکردووە.

ب. ئەو ئەنجامانەی کە لە دەرەوەی ژمارە و ئامارەکانەوە بە دەستهاتوون، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١. هۆیەکانی دروستکردنی لێڵی زمانی بەتایبەتی واتایی ڕۆڵیان لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانی نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا هەیە.

٢. لە نوکتەکانی "ڕشتەی مرواری"دا لێڵی بە هۆکاری فۆنۆلۆجی، تەنیا خۆی لە (هێز و ئاوازە)دا نابینێتەوە، بەڵکو هەندێکجاریش گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانیش (پاش و پێشکردنی دەنگەکان و گۆڕانی دەنگەکان و پەیدابوونی دەنگەکان) لە وشەی مەبەستدا لێڵی لە نوکتەدا دروستدەکەن.

٣. ئەوەی جێی سەرنج و گریمانە نەکرابوو ئەوەیە؛ کە لێڵی ڕێزمانی (گوێزانەوەیی) لە جۆرەکانی لێڵیدا بە ڕێژەی ٣٠% بە پلەی دووەم هات.

٤. لێڵی ڕێزمانی (گوێزانەوەیی) خۆی پەیوەند دەکاتەوە بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە، چونکە مامەڵە لەگەڵ دروستەی ژێرەوە و سەرەوەی ڕستەدا دەکات.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان:**

١- وریا عمر امین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢- عەبدولمەناف ڕەمەزان **ئەحمەد** (٢٠١١)، ئەتڵەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نموونە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیریز، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٣- مەسعود بەکر ئەحمەد (٢٠١٥)، دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

٤- محمد علی الخولی (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري، انكليزی- عربی، مكتبة البنان، بیروت.

٥- ستیفن اولمان (١٩٩٧)، دور الكلمة في اللغة، ت: د. كمال محمد بشیر، مصر.

٥- اف بالمر (١٩٨٥) ، علم الدلالة، ت: مجید عبدالحلیم الماشطة، مطبعة العمال المركزیة، بغدا.

٧- كلود جیرمان و ریمو لوبلان (٢٠٠٦)، علم الدلالة، ت: د. نور الهدى لوشن، المكتب الجامعي الحدیث.

٨- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٩- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

١٠- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید (١٩٨٩)، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

١١- عەلائەدین سوجادی (٢٠٠٥)، ڕشتەی مرواری، بەرگەکانی (١ ، ٢، ٣، ٤).

١٢- عەلائەدین سوجادی (٢٠٠٧)، ڕشتەی مرواری، بەرگەگانی (٥، ٦، ٧، ٨).

١٣- سەعید، یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٦)، لێکۆڵینەوەی نوکتە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.١٧، سلێمانی.

١٤- تابان محەمەد سەعید (٢٠١٤)، کێڵگە واتاییەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

١٥- دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی (٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

١٦- فتاح مامه علی (١٩٨٩)، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

١٧- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٨- تاڵیب حسین علی (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٩- محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٠- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

٢١- جون لاینز (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ت: عباس صادق وهاب، الطباعة والنشر دار الشؤون الثقافية العامة، العراق، بغداد.

٢٢- جون لاينز (١٩٨٠)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشة واخرون، مطبعة جامعة البصرة، البصرة.

٢٣- شلێر رسول محمد (٢٠٠٤)، یاساکانی دارشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٤- دارا حمید محمد (٢٠٠٦)، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، بەغداد.

٢٥- أحمد موختار (٢٠٠٩)، علم الدلالة، مكتبة عالم الكتب، الطبعة السابعة، القاهرة.

٢٦- محەمەد قادر محمدامین (٢٠٢١)، لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردە، ڕانیە.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- David Crystal (2003), A dictionary of Linguistics and Phonetics, third edition, London: black well publishers.

- K. Horsy (2001), 101 Key ideas: Linguistics London.

- john Lyons (1977), Semantics, 2 Vols, London and New York, Cambridge University.